سەلاح ڕەئووف.. (٤٠) ساڵە بەبێ دابڕان دەروێشێکی دڵسۆزی تەریقەتی هونەری کوردییە

چاوپێکەوتنی: جەماوەر ئەحمەد .....

بەشی دووەم و کۆتایی

***لەم چەند ساڵانەی دواییدا گۆرانیبێژێکی زۆر پێگەیشتوون، کاری خراپ و باشیان هەیە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هەندێک لە هونەرمەندانی بە ئەزموون ئەوە بە ئێشاوێکی ترسناک وەسف دەکەن و بە هێنانە ناوەوەی هـــــونەری بێگانە بۆ نێو هونەری کوردی باس دەکەن؟**

– ڕاستە ئەوە لێشاوە، بەڵام با دە ئەوەندەی دیکەیش بێت، ئەوە قیمەتی نییە، ئەوە بەسەر دەچێت، کامە هونەرێکی باشی پشکەش کردووە ئەوە دەمێنێتەوە کامەش زۆڵم لە هونەری کوردی دەکات، دەبێت خۆی واز بهێنێت، من چەندەها بەرهەمم بینیوە لە تۆمارگاکان کە مردووە و کەس لێیی ناپرسێت، ئێتر خەڵک تێدەگات گـــــــوێ لەکێ بگرێت و گوێ لە کێ نەگرێت.

***پێت وانییە ئەو لێشاوە تەنسیری هەبێت بۆ هونەرمەندی خاوەن ئەزموون؟**

–نەخێر هیچ نییەتی، هـەزار درک جوانی یەک گوڵ ناشارێتەوە،.... بۆ نموونە ئەگەر هەزار نا گۆرانی بێژ دەوری خالید ڕەشید بدەن، خالید ڕەشید هەر خالید ڕەشیدە، بەدنان کەریم و بەهجەت بەحیا، هەر بەدنان کەریم و بەهجەت بەحیان..... ئەوانە و نموونەی ئەوانە کارێکیان کـــردووە کە نەتوانرێت یەک تۆز لە جوانیان کەم بکرێتەوە، نموونەی ئەوانەی کارێکی جوانیان کردووە ناتوانرێت یەک تـۆز لە جوانیان کـەم بکرێتەوە، هەمیشە جوان و درەوشاوە دەبن و بە هیچ کەسێک نەشاردرێنەوە، بەڵام ئەوەی کێشەیە ئەم فەترەیەیە کە نازانین کەی

سەلاح ڕەئووف

بەسەر دەچێت.

***ئەو هونەرمەندانەی کە باسیان دەکەیت ئەوانەی خاوەنی ئەزموونێکی جوانن، هۆی چییە جیاوازترن لەوانی دیکە، پێت وانییە کە ئێوە کاتی خۆی لە تیپی مۆسیقای سلێمانی بناغەیەکی باشتان دانناوە و ئەو هونەرمەندانە کارتێکردنی ئەو سەردەمە زێرینەیان لەسەر ســـــاوە و بوونەتە ئەو هونەرمەندەی کە بەڕێزتان باسیان دەکەن؟**

ڕاستە ئەوەش تەنسیری خۆی هەیە، بەڵام عەقڵ و هەستی هونەری دەبێت زاڵ بێت بەسەر هونەرمەندا نەک هەستی نامەنەری، هونەرمەندی باش بەدەست من و تۆ نییە، خۆی هەوڵیداوە خۆی کـاری جوانی کـردووە بۆیە هونەرمەند ئەو هونەرمەندەیە کە خۆی هەوڵبدات هونەرێکی ڕاستەقینە بکات، نەک بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن بێت، چونکە ئەوانەی بۆ هونەرە ڕاستەقینەکە کار ناکەن ئەوانە ناویان ڕەش دەبێتەوە. بە نسبەت تیپی مۆسیقای سلێمانیشەوە ئەو کات وەک مەرحەلەیەکی بەرگی وابـوو، تۆ هەر کارێکت بکردایە، باش یان خراپ خەڵک قبوڵی بوو، بەڵام ئێستە خەڵک قبوڵی نیە کاری خراپی بۆ بکەیت، هەروەها ئەو کات میکرۆیەکە حکومەتی بەعس بوو، بەڵام بەداخەوە ئێستە میکرۆیەکە لە خۆمانە.

***وەک ئاشکرایە بەڕێزت کـاری زۆرت بۆ هونەرمەندانی گۆرانی بێژ کردووە کە ئێستا هەندێک لەوانە لە ژیاندا نەماون، دوای ئەو ساڵانە ئێستا هەست بەچی دەکەیت؟**

–شانازی بەو ساڵانەوە دەکەم کە کارم لەگەڵ ئەو کەسانەدا کردووە و یەکێکیش بـووم لـەوانـەی زۆرتـرین کـاری ئـاواز و ئامادەکردنی مۆسیقام بۆ گۆرانی بێژان کردووە بە تایبەت لە شاری سلێمانی.

لەو کارانەی کە کردووتە کامیانت لە هەموویان خۆشتر دەوێت، یان ڕێژەی ئەو کارانەت دەزانیت؟

لەم ماوەیەدا هەموو ئیشەکانی خۆمم کۆکردەوە کە نزیکەی ٨٠ کاری ئاواز و مۆسیقا و ئامادەکردن هەبوو، بە نسبەت خۆشەویستیشم بۆ کارەکانم، بێگومان هەمـــــــوویانم خۆش دەوێت بە تایبەتی کاری گۆرستانی چراکان. قەناعەتیشم وایە ئەگەر ئیـــــــشێکی دیکە بکەم ئەبێ لەوە باشتری بکەم.

***جـوانـی و عـەشـقـی شـوخـینـک، سـروشـتـی کوردستان، دەتوانێت چی کاریگەرییەکی هەبێت بۆ ئەوەی هونەرمەند داهێنان بکات؟**

ئەگەر هونەرمەند لەو شتە جوانانە و لە عەشق دابڕێت، واتە ئەو هونەرمەندە مرد، هـــــونەرمەند چۆن بەبێ عەشق کاری پێدەکرێت.

***ئاواتت چیە، خەون بەچییەوە دەبینیت؟**

خەون بەوەوە ئەبینم وڵاتمان بگاتە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، بەتایبەت لە ڕووی هـونـەرەوە،... بەس بە داخەوەم لە سەردەمی منداڵ پێم وانییە ئەوە بێتە دی.

زایەڵەی تەمبور لە هەڵەبجە دەنگیدایەوە

هەڵەبجە– سالم، ژانا .....

بۆیەکەمجار بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە کۆنسێرتێکی موزیکی تایبەت بە ئامێری تەمبوری بۆ گروپی تەمبور ژەنانی بێسارانی لە هەڵەبجە سازکرد.

ئیبراهیم هەورامانی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە لەمبارەیەوە بەئاسۆی ڕاگەیاند: «وەک بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە و لەچوارچێوەی کارەکانماندا، بۆ بەرز ڕاگرتن و زیندووکردنەوەی کەلتووری ڕەسەنی کوردی و پێویستمانزانی پەیوەندی بە گروپی تەمبورژەنانی بێسارانییەوە بکەین تا کۆنسێرتێک لێرە ساز بکەن، لەبەرامبەردا ئەوان بەخـــــــۆشحاڵییەوە بانگهێشتەکەیان قبوڵ کردین».

ناویراو وتیشی: «بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە ٢١-٢٢/١١/٢٠٠٨ لەهۆڵی ئەحـــــمەد موختار جاف بە بەشداریی هونەرمەندی گۆرانیبێژ هەماوەند لهۆنی کـــــــۆنسێرتەک دیان بەڕێوەدەچێت».

بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری هەڵەبجە ئـامـاژەی بـەوەکـرد کـە کـارکـردن لەگەڵ ئامێری تەمبور، گەڕانەوەیە بۆ ڕەسەنایەتی کلتووری کوردی و گەڕانەوە بۆ بنچینەی مۆسیقای کوردی کە مێژووی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا و ئەویش لەلایەن ئەهلی حـق و پەیڕەوانی کـاکـەیـیـەکـانـەوە بـەکـارهـاتـووە، ماوەیەکی زۆریـش نییە توانراوە ئەو ئالەتی تەمبورە لە دەرەوەی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی ئەهلی حق (کاکەیییەکان)دا بەکاربهێنرێت.

گروپی تەمبور ژنانی بێسارانی

سەباح عەبدوڵڵا: هەر میللەتێ کلتوور و فۆلکلۆری نەبێ ناسنامەشی نابێت

هونەرمەند سەباح عەبدوڵڵا

سازدانی (چۆمان ئەبوبەکر) .....

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تیپی مۆسیقای فۆلکلۆر زیندووکردنەوە و ئاساندنی دەنگە ڕەسەنەکانە و پاراستنێتی لە فەوتان، کە دواتر ئەم کارانە دەبێتە ناسنامەی ئەو وڵاتە، سەبارەت بەتیپی مۆسیقای فۆلکلۆری کورد و دواکارییان کە لەگەڵ هونەرمەند (سـەلاح مـەجـیـد)دا کـە کۆنسێرتێک بوو بۆ ئەم هونەرمەندە و بانگهێشتی قـەزای کـەلار کـرابـوون بە میوانداری هونەرمەندان (مەحمود وەهاب، لوقمان سەلیم، شەیدا ئەحمەد)، ئاسۆ ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ هونەرمەند سەباح عەبدوڵڵا و هونەرمەندی گۆرانیبێژ (سـەلاح مەجید)دا ئەنجامدا. سەرەتا سەباح عەبدوڵڵا لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە فیستیڤاڵەکە و چۆنییەتی بانگهێشتکردنیان بۆ قەزای کەلار وتی: «سـەرەتـا دەمـەوێ خۆشحاڵی خۆم دەربڕم بەرامبەر هاتنەوەی هونەرمەند (سەلاح مەجید)، چونکە هونەرمەندێکی زۆر بەنرخە لای ئێمە و دەبێ هەردەم خزمەتی ئەو کەسانە بکەین کە کلتوور و ناسنامەی میللەتەکەمان بۆ دیاری دەکـەن، چونکە هەر میللەتێ کلتوور و فۆلکلۆری نەبێ ناسنامەشی نابێ»، بەڕێز (سـەلاح مەجید) یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە زۆریەمان ئاشنای دەنگی بووین، ئێمەش پێمان خۆش بوو کارێکی لەگەڵدا بکەین و لەو ڕێگایەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هونەر لە سلێمانی بانگهێشتی کاک سەلاح کرا و لەگەڵ (سەعید شاکەلی)دا باسمان کرد و بڕیاری ئەم کۆنسێرتەدرا، ئێمەش وەک تیپی مۆسیقای فۆلکلۆر پێمان خۆش بوو ئەم کارە بەئەنجام بگەیەنین، لە گەرمیان بەڕێوەبەرایەتییەکی تازە دەکرێتەوە و لەبەرئەوەی لە گەرمیان تاوەکو ئێستا کاری هونەری فۆلکلۆر نەکراوە و پاش ئەوەی کە ڕەزامەندی کـاک سەلاحمان وەرگـرت بڕیارماندا ئەم کارە ببەین بۆ گەرمیان. ئێمەش وەک تیپی فۆلکلۆر لە دوانـزە ئەندام پێکهاتووین و ئەم کارەش هەفتەیەک دەبێ ڕۆژەی بۆ دەکەین و کارەکانیش زۆربـەی ئەو کارانەیە کە کاک سەلاح خۆی وتویەتییەوە و هۆکەیشی ئەوەیە کە دەمانەوێت ئەو گۆرانییە جوانانەی کە کاتی خۆی وتویەتی جارێکی تر بەگوێی بیسەر و بینەرانی ئاشنا بکەینەوە و کە دوو مادەی تازەشی تێدایە کە هەر لە فۆلکلۆرە و کاک سەلاح ئامادەی کردووە و خۆشحاڵین بەوەی جارێکی تر بێتەوە سەر شانۆ، چونکە ئەم کارە پاش ٣٧ ساڵ تەمەنی هونەری هونەرمەند لە بواری گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەنی کوردیدایە، ئێمەش بەشانازییەوە کار لەگەڵ ئەم هـونـەرمـەنـددا دەکـەیـن، هیوادارین بتوانین خزمەتی هونەری کوردی بکەین بەتایبەتی لە گەرمیان. بودجەی ئەم کارەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری هـونـەرەوە سـەرفـکـراوە و دەمەوێت ڕوونکردنەوەیەکش بکەم کە گۆرانیبێژ زۆر گرنگە لای ئێمە بەتایبەت گۆرانیبێژە کۆنەکان، چونکە ئەو دەنگانە ڕەسـەن و جارێکی دیکە کە دروست نابنەوە، گۆرانیبێژی تازەمان هەیە لەسەر شێوازی تازە، بەڵام گۆرانیبێژە کۆنەکان دەبنە کلتوور بۆ ئێمە کە خاوەنی توانایەکی باشن و کە دەڵێن ڕەسەنایەتی مانای ناسنامەی میللەتەکەمانە، بە هەوڵدانی برادەرانی ئاو تیپی مۆسیقای فۆلکلۆر و بە هەوڵی کاک سەلاح کە خەرێنەکەی جارێکی تر بەتاڵ دەکاتەوە و بەهۆی ئەمەوە دەتوانین کاری تازەتر بکەین و ئاوازی تازەتر دابنێین. کاک سەلاح خاوەنی شێوازی دەنگی خۆیەتی و لاسایینکردنەوەی نییە کە ئەمە زۆر گرنگە و بووەتە شێوازێکی کارکردن ئێمەش ئەو گۆرانیبێژەی ئێمە مۆسیقای بۆ لێدەدەین دەبێ خاوەنی شێوازی دەنگی خۆی بێت و کاک سەلاحیش یەکێکە لەو گۆرانیبێژە بەتوانایانە، هـیـوادارین بـەهـەردوولامـان خزمەتی هـونـەری کـوردی بکەین بەتایبەتی هونەری مۆسیقای فۆلکلۆری و میللی بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی تازە بۆ خۆمان دابنێین، چونکە لە هەموو دونیادا ئەو وڵاتەی کاری فۆلکلۆر و میللی نەبێت و کلتووری نەبێت ناسنامەی نییە.

***ئـیـــــوە وەک تیپی مۆسیقای فۆلکلۆری کورد پرۆژەکانتان چی بووە و کەی ئەم گروپە دامەزراوە؟**

–تیپی مۆسیقای فۆلکلۆری کورد بۆ جارێکی تر لە ساڵانی (٢٠٠٦)ەوە مۆڵەتی ڕەسمی وەرگرتووە و لەو کاتەدا لە ئەندامانی گروپەکەدا پێنج کەس هەڵبژێردرا بۆ دەستەی بەڕێوەبردن و تیپەکەمان تازە سیدیەیەکی دەرچووە و بڵاودەکرێتەوە بە ناوی (زەنگۆڵە)ەوە لە سیانزە بەرهەم پێکهاتووە کە خۆم سەرپەرشتیم کـردووە. ئـەم گروپەی ئێمە زیاتر یارمەتیدەر بووە، بەڵام لە ڕوبەی تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنەکاندا کاری هونەرییان کـردووە و مۆسیقای زۆرمان تۆمار کردووە بۆ گۆرانیبێژەکان و لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا کاری زۆرمان کردووە. لەکۆتایشدا دەڵێم هونەرمەندی باش کەمن لە کوردستاندا ئەمە بۆ بەرپرسان و ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە گوێ لە ئێمە دەگرن و ئێمەش داوای حەقی هونەری خۆمان دەکەین و بۆ کەسێ کە هونەرمەند بێت و لەسەر و بیست و پێنج ساڵ بەرهەم و دانەبڕانی هەبێت دەبێت هاوکاری زۆر بکرێت، چـــــونکە ئەوانن ناسنامە بۆ وڵات دروست دەکەن.

*** بیرۆکەی ئەم کارە و چوونتان بۆ قەزای کەلار پێشنیاری کێ بوو؟**

–بـیـرۆکـەی کـارەکـە خـۆم بـووم و هەرخۆشم سەرپەرشتی کارەکانم کـردووە، کاک (سـەلاح) زۆر گونجاوە بۆ تیپی مۆسیقای فۆلکلۆر و ئێمەش زۆرمان پێخۆشە دوای ئەم کۆنسێرتەش هەربەردەوام بین لەکارکردن لەگەڵ کاک (سەلاح)دا و هەمیشە شانازی بەکارکردن لەگەڵ ئەوەدا دەکەین.

سەلاح مەجید وەک هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ کە ئـەم کۆنسێرتەی بۆ ئەنجامدراوە بۆ ئاسۆ وتی: «دەمەوێت سەرەتا سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری هونەر بکەم لە سلێمانی کە دوای چەند ساڵێکی تەمەنی هونەریم هەستان بە ڕێکخستنی ئەم کۆنسێرتە بـوم و سـوپـاسـی تیپی مۆسیقای فۆلکلۆری سلێمانی دەکەم کە ئەوانیش ماندووبوون لەگەڵمدا و بە تامەزرۆییەوە کاریان بۆ کـردووم و بەتایبەت بەڕێز کاک سەباح کە ناسراوە بە (سەباحی سەنتور) و سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری گەرمیان دەکەم کە هەستاون بەبانگهێشتکردنمان بۆ گەرمیان بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆنسێرتە و منیش زۆر خۆشحاڵ بووم بۆ پێشکەشکردنی ئەم کۆنسێرتە لە گەرمیان و پێموابێ هەموو گەرمیان بێبەش بووە لەو کارە هونەرییانەی کە تائێستا کـراوە لە شارەکاندا و منیش پێمباش بوو ئەو کارەم بەرمە گەرمیان کە کاریگەریان هەبووە لە شۆڕش و سەردەمی شاخدا و چەندین قـارەمـانـی تـێـدا دروسـت بـــــــووە. ئـەم کۆنسێرتەم بە میوانداری (مەحمود وەهـاب، لوقمان سەلیم، شەیدا ئەحمەد)ە.

***لـەدوای هاتنـەوەت بـۆ کوردستان ئەمە دەبێتە یەکەم پـرۆژەت؟ یـان کـاری ترت کـردووە؟ یاخود تاچەند کارکردنت لەگەڵ ئەم گروپەدا گونجاوە؟**

–لەدوای هاتنەوەم یەکەم پرۆژەمە و بۆ یەکەم جاریشمە لەگەڵ تیپی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردیدا کاردەکەم و سەبارەت بەکارکردن لەگەڵ ئەم گروپەشدا زۆر خۆشحاڵم و ئەوەی کە دەمەوێت ئەوان لە گەڵمدان و کاری باشم بۆ دەکەن، لەدوای هاتنەوەشم کۆمەڵێک کارم بۆ کراوە لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆکاندا وەک تەلەفزیۆن و ڕادیۆی گەلی کوردستان و ڕادیۆی مەڵبەند و خاک و تەلەفزیۆنی کوردسات جاوپێکەوتنم لەگەڵدا کراوە و لە بەرنامەی میلۆدیشدا بانگهێشت کـراوم، لە کۆتاییدا دەڵێم زۆر گرنگە هاوکاری هونەرمەندان بکرێت و ئەوەی من لێرە بینیومە یارمەتییەکی ئەوتۆی هونەرمەندان نەدراوە کە لانی کەم تۆزێک لە مەعاناتیان کەم بکەنەوە، من لێرەوە سوپاسی ئەو کەسە دەکەم کە هاوکاری هونەرمەندان دەکات و پاڵپشتیان دەکات بۆ کـاری نوێ و پـرۆژەی تـازە کە لە خـــــــزمەتی هونەر و خزمەتی میللەتدا بێت.

تیپی فۆلکلۆری کورد لەکاتی پرۆژەدا